## ئەستێرەناسی و باوەڕی مێتافیزیکی

یەك لە پەرجۆ، یاخود تایبەتمەندیی و کارە سەیروسەمەرەکانی مرۆڤ پەیرەوی لە ئایین و هۆگریی بۆ خوراڤات و گێراوەکانی ڕابردووی خۆیەتی. بە شێوازێکی پارادۆکس هەرچەند تێکنۆلۆژی مرۆڤ پێشکەوتووتر دەبێتەوە بەو ڕادەیەش هۆگری بۆ عورفان و خوداناسی پەرە دەگرێ. زۆربەی مرۆڤ لە نێوان پێشکەوتویی تێکنیکی و چالاکی عورفانی دا پەیوەندییەك بەدی دەکەن کە ترس لە مردنیان بە شێوەیەکی سەیرو سەمەرە بۆ ئارام و هێدی دەکاتەوە. وێدەچێ زۆربەی مرۆڤی سەر ئەم هەردە پێویستییەکی مەزنیان بە هۆگری ئایین و باوەڕ بە هێزێکی مێتافیزیکی بۆیە هەیە، بۆ ئەوەی بە شێوەیەك بەربەرەکانی لە هەنبەر پێشکەوتوویی زانستی بکەن.

جگە لە لەیەنگرانی ئایینە ئیبراهیمیەکان، بوودایییەکان و ئایینە بچووکەکانیتر چەندین گرووپ و فیرقەی سەردەمی سەدەی ناوەڕاستیش چالاك بوونەتەوە. ئەگەر بمانەوێ لەسەر یەکە یەکەی ئەو گرووپانە لێکۆڵینەوە بکەین دەبێ کتێبێکیتری بۆتەرخان کەین. بەو هۆیە جیا لە ئاماژەپێکردنیان لەو نووسراوەیەدا، چیتر لەسەریان نادوێین.

بە بۆچوونی من چۆنیەتی دەستپێکی باوەڕی ئەستێرەناسی لەسەر ئەم هەردە کە بە گشتی بووە هۆی گەشانەوەی باوەڕی مێتافیزیکی لێرەدا گرنگایەتی زیاتری هەیە. لە سەردەمی زۆر زوو، ئەو کاتەی مرۆڤ هەستی بە خۆناسینی خۆی کردووە، ئاسمان و ئەستێرەکانی بە یەك لە گەرنگترین تەوەرەکان داناوە و دەتوانم بڵێم لەو سەردەمە دا تاقە تەوەری زانستیی بووە کە مرۆڤ گرنگایەتی پێ داوە. بە پێی کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر ئەو تەوەرە، زانست بەسەر دوو ڕوانگە یاخود ڕێکوپێکیدا دابەش کرا:

- ئاسترۆنۆمی یاخود ئەستێرەناسی، پشکنینی زانستیی کۆرپەکانی ئاسمان و بە گشتی شێواز و یاساکانی جووڵانەوەی کۆرپەکانی ئونیوێرزام.

- ئاسترۆلۆژی، واتە پێشگوویکردنی داهاتوو. ئەو تەوەرە لەسەر ئەو بۆچوونە دەدوێ، تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ لە لایەن چۆنیەتی پێکهاتن و لەدایکبوونی کۆرپەکانی ئونیوێرزامەوە کارتێکەریان لەسەر دادنرێ، بە شێوەیەك کە چارەنووسی مرۆڤ و چۆنیەتیی پرۆسەی ژیانی بەو کۆرپانەوە دەبەستێتەوە. تەنانەت لەمڕۆشدا زۆربەی مرۆڤ باوەڕیان بە پێشگوویی لەسەر دوازدە مانگی ساڵ کە لە کاتێکی زۆر زوەوە ناوی تایبەتیان لەسەر داناون هەیە(هۆرۆسکۆپ). هەر مرۆڤێك لە یەك لەو مانگانەدا لە دایك بوون و بەختەوەری و بەخت ڕەشی ژیانی خۆیانی لێ گرێ دەدەن و پێ مانا دەکەنەوە.




هۆرۆسکۆپ یاخود نیشانەکانی ١٢ مانگی ساڵ

ڕەنگە مانگی چاردە شەو بە هۆی هێزی کێشیەوە(گراویتاسیۆن) خەوی مرۆڤ لەسەر زەوی بشێوێنێ و تاقەم مرۆڤێك بەڕاستی لەو شەوەدا خەویان نائارام بێ، بەڵام لە ڕوانگەی زانستییەوە لکاندنی پلەی بەختەوەری مرۆڤ بە مانگەکانی ساڵەوە لە خوڕافاتێك زیاتر هیچ شتێکیتر نییە.

یەك لە مەزنترین جیاوازییەکانی مرۆڤی سەردەمی پێشوو لەگەڵ ئاژەڵەکاندا ئەو کاتەی دەستی بە ناسینی خۆی کردووە، ئەوە بووە کە مرۆڤ بەردەوام پرسیاری داڕشتووە. دیارە پرسیارکردن کارێکی ساکارە، بەڵام وەڵامدانەوەی ڕاست و دروست و زانستیی، کاری هەر کەسێك نەبووە. مرۆڤ بەردەوام بۆ دۆزینەوەی پرسیارەکانی سەبارەت بە ژیان، خۆی بە خوڕافات، جادوو، بوتەکان، ئەستێرە و خوداکانەوە هەڵواسیوە و چونکە هیچ وەڵامێکی لۆژیکی و زانستیی بۆ پرسیارەکانی نەبووە، ویستوویە بە شێوەیەك خۆی پێ قانع کا و لێی دەرباس بێ. بە پێی کات ئەو پرسیار و وەڵامە سەیروسەمەڕانە بوونەتە هۆی پێکهاتنی باوەڕی بوتپەرستی، باوەڕ بە هێزە سروشتیەکان، چێکردنی خوداکان و ئاکامەکەشی بۆتە هۆی دروستکردنی خودای ئایینە ئیبراهمیەکان.

درێژەی هەیە ...